# (جارێ شیرینی لەئاسمان دەبەخشمەوە)

دیار محمد



لە ئێستامەوە
تا گەیشتن بە ساتە
وەختەکانی ئەو دەمەت
دروست بونەوەی
دوو ڕەگەزی جیاوەزە
لە ئێمە
بۆ بنیاد بونەوە ..
گەڕانەوە لە شەوە
سپییەکانەوە
تەرازوی حەق
لاسەنگ دەکات لەمن ..
هەڵگەڕان لە بەرزاییەکانی
مانشێتێك
لەمنداڵیمەوە
تا ئاوێنە سپییەکانی
دواڕەو
تاریکی بە مەنفا دەگێڕێ..
فزولی بە ناخی شیعردا
لا پەڕەکانی قورئان
بلاۆ دەکاتەوە ,کفرە ..
مردن لەسەر گازی
پشت ڕادەکشێ و
تارمای بە قەبرسانی
سنگمدا پیاسە دەکات
بەڕوتی..
دە هرێکە
پیرێك دوکانی بەقاڵیەکەی
کردۆتە( کفن )

2007/09/22

هەڕاجە ..
گە نجێك دەست بازییەکانی
دەگۆڕێتەوە  بە دایکی
ئێوارە خۆرنشینەکانی
قیامەت
بازرگانی دەکەن
حە شیشە ئارەزوی
پیاسەیەکی
کۆڵانەکانم دەکات..
ئاسەوارێك لەمردن ڕزگاری دەبێ و
نامرێ
ئەجەل پە نجەی قیامەت
دەگەزێ
بێ خوێن تێزان ..
ئاوازێك لە بار دەچێت
سنور ..
حەسرەت جوانی لەتۆ دەبات
ناتوانێ
بەرسیلە لەدوو وەرز
مارە دەکرێ
بە گریان ..
پریاسکە قەرەبووەکان
دە پێچێتەوە،
جارێکی تر
وولآت ..
هەڵگەڕان
بەترۆکی قەسیدەکانی
مردندا ئاستەمە
ڕێگا سپیەکانی  شەتڕەنج
هەنگاو لەئاسمانی ڕەش
دەنێن.. بۆ بردنەوە
ئەسپ..
من لەمیهرەبانی

2007/09/22

کچە عازەبەکاندا
توامەوە
میوەیەك لە لەزەتتا
گیان لەدەست دەدات
تەواو نابێت..
ئەوان
فلتەرێکی
خەیاڵیان تێگرتم
نەگەیشت ..
تۆ لە منداڵیە
سنگت پڕبوو
بوو لە قا قا
نازانم بۆ..
میزەڵادانی منداڵێك
ئەنفال دەکرێت
ناتەقێت..
تایەی
ئۆتۆمبیلێك
دەکرێتە ڕەوڕەوە
بۆ تۆ
یەك جار..
کراسی ژێرەوەی کچێك
لە ڕاڕەوێکدا
بۆ بزر دەبێ..
دۆزینەوەی لە پەیامێکدا
سەر خەو دەشکێنێت ,
بە تاریکی
مەنفا دەگەڕێتەوە..؟!
ڕابردوو لە جامێکدا
خۆی دەرمان خوراد دەکات
فزولی لە ئێمەدا ڕاوچیە
(0730) بە خەیاڵ
ماڵکم لەئاسمان بۆ دروست دەکات..

2007/09/22

بێتەفسیر
ئەوانماڵێکیان لەبەهەشت
سوتاند
من سوتانێکم لەخۆمدا شك نەبرد
سەیرە..
کێ کەنارەکانی
ناساندم بە ( مەکسیك )
کێ ماچەکانمی ڕاونایە
( ژاپۆن )
دەمو چاوێك لە زیندەنگیەوە
بۆ شانۆ
سەیرە..
هیچ سەرەتایەك کۆتایی نەماوە ,
ئێرە مەملە کەتی
حووزنە..
من ناگەمە یەقین
تۆ بە ڕابردۆوەکاندا بگەڕێرەوە
کواسەرەتا..
شێتیەك بە تەزبیحەکەی
ملتا هەڵدەزنێ
نا تخنکێنێ..
عەترێك لەباخەڵی
منداڵێکدا
گیان لە دەست دەدات
نامرێت ..
پاسەوانێك
لە خەیاڵدا
فاڵ دەگرێتەوە
خۆی وون دەبێت ..
میوەیەك لەلەزەتدا
گیان لەدەست دەدات ..
جارێ شیرینی
دەبەخشمەوە

2007/09/22

**له ئاسمان ..ناگه‌ڕێمه‌وه**

**هه‌لگه‌ڕان**

**به تروکی قه‌سیده‌کانی**

**له‌دایك بون و مردنا**

**ئاسته‌مه ..**

Deyar.mahamad@gmail.com

2007/09/22